www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 25-4-2006 23:22

## قەڵادزێ لە دوڕیانی پیرۆزی و فەرامۆشیدا ... حەمید قەڵادزەیی

ئەگەر بمانەوێ كەمێ شۆڕ ببینەوە ناو دیرۆكی كەوناڕای قەڵادزێ و سەروەری و ڕاپەڕینەكانی، بێشك ناتوانین بەچەند نووسینێك دەستمان لە بنی هەمبانەكە بێتە دەرو ئەوەی دەیڵێین، بەقەد بەخشش و فیداكاری خەڵكی ئەو دەڤەرەبێت. بۆیە دەبێ ئەم جارە بەجیا لەگەڵ یادكردنەوەكانی تری 4/24 قەڵادزێ لە ڕابردوودا، پێویستە لەدەرگای دەسەڵات بدەین و بڵێین: خۆتان زۆر لە ئێمە باشتر دەزانن، قەڵادزێ چەند قوربانی دەر بووە باش دەزانن زامەكانی قەڵادزێ هەتا ئێستاش خوێناوی لێ دەچۆڕێ!.

كام ناوچەی كوردستان هەیە، بە دەیان و سەدان سوارچاكی ڕێبازی كوردایەتی لە ئامێزی پشدەردا و لەدەڤەری (نامرێ) دا لە لوتكەو شیوو دۆڵەكانیەوە تا دەگاتە، زەندۆڵ و زنارو بناری ئەسپی خەیاڵی زین نەكردبێ و لەكام گەوەی هەورازو نشێویدا، بەرد بەبەردی نەكردبێتە سەنگەری بەرەنگاری؟ كام سەركردەوە كام پێشمەرگە هەیە لە شەوانی نوتەك داو لەو كاتانەی ویشومە خۆشاركێی لەگەڵ دەكردین، ماڵ بەماڵی ئەو دەڤەرەی نەناسیبێ و بە قوڵكاورو ئاگردانی ئاشنا نەبووبێ؟!.

بەڵێ دەزانن قەڵادزێ هەمیشە، كولاوڕۆژنەیەكی ئامادە بووە بۆدیداری خۆری ئازادی. قەڵادزێ چاوگی بیری كوردایەتی و مەكۆی شۆڕشگێڕان و ئومێدی هەموو ئەو سەركردایەتیانە بووە كە قەڵادزێیان فەرامۆشكردوە!.

ئەگەر باس لە ڕاپەڕینەكانی مێژووی قەڵادزێ بكەین، كام لایەنی سیاسی هەیە پێی وایە غەدری لێنەكراوەن ئەگەر بەشی شێری لە شانازیەكەی بەر نەكەوێ؟! چونكە جگە لەوەی هەموویان شانازی بە شەهیدو قارەمانەكانیانەوە دەكەن، مەبەستیانە جێدەستی خۆیان زیاتر بنەخشێنن، لە ڕۆژگارە سەختەكاندا، لە كاتێكدا هەتا ئێستاش قەڵادزێ خۆی نازی بێنازی دەكێشێ و بسكی ئاڵۆزی بۆ شانە ناكرێ!.

كارەساتی 1974/4/24 بەهەموو لێكدانەوەكان گەردەلولێكی پڕ لە ڕق بوو لە تنێلی عەقڵی تاریك و شۆڤێنزمەوە هەڵی كرد، لە وشكارۆوە ڕوەو زێدی سروشت و جوانی بەهارو سروتی وردە شەپۆلی دووزێ و چاوە پڕ لە نیگاكانی كانیەكان و خزایە ناو ئیرۆسیەتی زانكۆو گیانی نێرگزو مێلاقەو دیاریەكانی سروشت و نیسان و خەرمانی شانازی مێژوو كولتووری ڕەسەن.

ئەگەر گواستنەوەی زانكۆی سلێمانی بۆ قەڵادزێ هۆكارێك بێ بۆ ئەنجامدانی ئەو تراژیدیایە، چونكە ڕژێم زۆر چاك پەی بەكاریگەری زانكۆ بردبوو، لەسەر وشیاری و بیری نەتەوەیی، بە تایبەتی لە ناوچەیەك كە باوەڕی كوردایەتی تێیدا لێوان لێوەو لەلایەكی تریش دەڤەرێكی ئازادە. دەبێ ئەوەش بزانین قەڵادزێ خۆی سەنگەرێك بووەو خەڵكەكەشی هەمیشە سەربازی ون بوون، گواستنەوەی زانكۆ بۆ ناوچەیەكی وەك قەڵادزێ، بە بڕیاری شۆڕشی گەلی كوردستان، جگەلەوەی بڕیارێكی بوێرانە بوو، نیشانەی ئەو ڕاستیەشە، كە سەركردایەتی شۆڕش چەند بەتەنگ زانكۆ بووەو مەبەستی بووە وەكو تاكە مەڵبەندی زانستی و مەعریفی بەتەندرووستی بمێنێتەوە، چونكە لە ئازادیدا ئەو دانیشگا تاقانەیە زیاترو زووتر دەتوانێ نەش و نما بكات.

لەلایەكی تریش ئەو یاكنگیری و یەك ڕیزی خەڵكەكەی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو سەركردایەتی هۆكارێكی تر بوو بۆ ڕوودانی ئەم كارەساتە، چونكە بەعس چاك حاڵی ببوو كە دەستەمۆكردنی خەڵكی ئەم سنوورە مەحاڵە. بۆیە بارزانی نەمر بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو یادەو پیرۆزی شەهیدان و قەڵادزێ فەرمووی (4/24 ڕۆژی ماتەمینی گەلی كوردە) .

ڕژێم بەشێوازی جیاجیاو پیادەكردنی سیاسەتی (پەرتكەو زاڵ) بە، بە ئامانجی ماڵی كردن و سڕینەوەی هزری كوردایەتی لەناو خەڵكی ئەو دەڤەرەدا. بۆیە ململانێی زیاتر خستە نێوان تیرەو هۆزەكان، تاكو

ڕاگوێزانی گوندەکان بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێ، کە ئەوەش کۆمەڵێك خواستی سیاسی لەپشت بوو کە دیارترینیان ئەمانەن:-

1- بەهۆی نەمانی سەرچاوەی ژیانیان و یاساغکردنی سنووری گوندەکان، هۆکارێك بوو بۆ داڕمانی ژێرخانی ئابوری هەر خێزانێك.

2- ڕژێم لە نزیکەوە دەیتوانی تێکڕای مەرامەکانی خۆی بپێکێ و زووترو زیاتر خواستەکانی خۆی بەرجەستەبکات.

3- بەهۆی بێکاری و بێ دەسەڵاتی خەڵکەکە ڕژێم چاکتر دەیتوانی تۆوی دوبەرەکی لەناویاندا بچێنێ.

4- ڕژێم پێی وابوو بەو پرۆسەیە دەتوانێ دابڕانێك لە نێوان هێزی پێشمەرگەو جەماوەردا درووستبکات و پەیوەندی ڕووحی نێوانیان بسڕێتەوە.

ئاشکرایە لە ئەجندای کاری ڕژێمدا ئەوە هەنگاوی یەکەمی ڕاگوێزان بوو، وەکو دەرکەوت هەنگاوی دووەمی لە 1989/6/6 دا دەستی پێکردوو لە بەرواری 1989/6/26 کۆتایی بە پرۆسەکە هات و دەڤەری شەدەرو نامرێ، بەتەواوی لەگەڵ خاکدا یەکسان کرا، چونکە ڕژێم لە ڕابوونەکانی 1982 تەواو بۆی دەرکەوت، کە خەڵکی ئەو سنوورە، سەنگەری بەرەنگاری چۆڵ ناکەن و گیانیان لە پێناوی ئازادیدا دەبەخشن.

جێگای سەرنجە لەدوای ئەم پرۆسەیەوە ڕژێم دەڤەری پشدەر گواسترایەوە بۆ دوو سنووری جیاواز لە هەولێرو سلێمانی و دابەشکردنی بەسەر چەند کۆمەڵگایەکی زۆرەملێدان کە ئەویش کۆمەڵێك ئامانجی لەپشت بوو لەوانە: لەبەینبردنی ئەو یەکانگیری و خۆشەویستیە بوو کە هەرگیز بەعس پێی لەبەین نەدەچوو.

بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێم.. ئەوەی داگیرکەر پێی نەکرا لەگەڵ خەڵکی ئەو سنوورە شەڕی ناوخۆ تەواوی کرد!!. بۆیە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەو شارە وێرانەیەدا لە 1994/5/1 بەشێوەیەك تۆوی ڕق و کینەی چاندوو ناکۆکی خستە ناو تیرەو هۆزو خانەوادەکان کە تا ئێستا زامەکانی سارێژ نەبوون و ئاسەواری وەکو ڕاگوێزان 4/24 دیارە.. !! ئەو یەکانگیریەی لەبەین برد کە ڕژێم زۆردەمێك بوو کاری لەسەر دەکرد.

بۆیە ئەرکی حکومەتی یەکگرتوی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانە کار بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تێکڕای کارەساتەکان بکەن، وەکار بۆ دروستکردنەوەی ڕووحی خۆشەویستی و یەك بوونی خەڵکەکە وە ئەستۆی خۆیانەوە بگرن.

هەروەها ئەولەویەت بدەن بەهەموو ئەو ناوچانەی وەکو هەڵەبجەو قەڵادزێ.. هتد، کە زۆریان کردووەو کەمیان بۆکراوە. ڕاستە کابینەی پێنجەم حەسای سیحری پێنییە فریای زۆربەی شوێنەکان بکەوێ لەیەك کاتدا، بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئەو شوێنانە بکەن کە ئاساواری خراپیان وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە.

دەبینین لە کوردستان زانکۆیەك بۆتە چەندین زانکۆ، خوێندکارێك بۆتە سەدان و هەزاران خوێندکار، مامۆستایەك بەسەدان و هەزاران، ئەمانە هەمووی جێگای شانازین، بەڵام قەڵادزێش هەر وێرانەیە.

ئەگەرباس لە بیرۆکراتیەت و کەمی و لاوازی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بکەین لەو سنوورەدا، یان لە وێرانەی ڕێگاو بانەکانی بدوێین، گومانی تێدانییە زروفی سیاسیی و لاوازی لایەنی دارایی و شەڕی ناوخۆ دیارترین پاساوی دەسەڵاتە، لە کاتێکدا ئەوەندەی لە سنوورەکانی قەڵادزێ باج خەراج وەرگیراوە لە 1991 وە تا ئێستا زۆر زیاترە لە پێویستیەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەم دەڤەرە.

بۆیە ئەوەی لە ئێستادا بۆ ئەم شارە گرنگەو پێوزیستە حکومەتی یەکگرتوو کاری لەسەر بکات، بوونی کتێبخانەیەکی شایستەو یاریگایەکی سەردەمی لەگەڵ مەلەوانگەیەکی داخراوو هۆڵێکی شیاو بۆنمایش و کۆڕو سیمنار. لەگەڵ نوێکردنەوەی سیمای بازاڕو شار، ئەمە بێجگە لە بوژاندنەوەی کەرتی

کوشتوکاڵی وێران بووی ئەم دەڤەرەو درووستکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و هێنانی کارگەو زیادکردنی کۆلێژ.
دڵنیابن پشدەریەکان هەمیشە شانازی بەو ماڵوێرانیەوە دەکەن کە بەسەریان هاتووەو ویژدانیان ئاسودەیە، لەگەڵ خەڵکی کوردستان ئێوەیان هێنایە سەر کورسی دەسەڵات، بەڵام ئایا ئێوە چۆن و کەی ویژدانتان ئاسودە دەکەن بەرامبەر بە پشدەری سوتماك و قوربانیدەر؟.